گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پەیوەندی ئاگایی فۆنۆلۆژی بە دروستی خوێندنەوە و هەڵەی ڕێنوسی

**ڕێژنە سیف الدین حسن**

بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر هەرێمی کوردستان، عێراق.

rezhna.hasan@su.edu.krd

## زانیارییەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٤/١/١٠

پەسەندکردن:٢٠٢٤/٢/١٨

بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان**

*phonological awareness, Reading, Spelling, spelling errors, reading correctness*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.2.12

## پوختە

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (پەیوەندی ئاگایی فۆنۆلۆژی بە دروستی خوێندنەوە و هەڵەی ڕێنوسی) ەوەیە، نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە قوتابیانی قۆناغی چوارەمی بنەڕەتی، کە لە دوو قوتابخانەی خوێندنی حکومی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣- ٢٠٢٤) بە نموونەکان وەرگیراون. ئاستی فۆنۆلۆژی لە پرۆسەی خوێندندا بنەمایەکی گرنگە و هەنگاوی یەکەمی فێربوونی نوسین و خوێندنەوەیە. لە هەرێمی کوردستاندا بەشێک لە قوتابیان لە قۆناغە جیاجیاکان لە ناوەندەکانی خوێندندا بەدەست هەڵەی ڕێنوسی و کەموکوڕی خوێندنەوەوە دەناڵێنن. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، دەستنیشانی ئەوە بکات کە یەکێک لە هۆکارەکانی هەڵەی ڕێنوسی و کەموکوڕی خوێندنەوە بریتییە لە کەموکوڕی لە فێربوونی دەنگەکان و چۆنیەتی درکاندنیان هەر لەسەرەتای قۆناغی یەکەمی فێربوونەوە، بە مەبەستی ئەوەی هەر لە سەرەتای فێربوونەوە لە ناوەندەکانی خوێندندا بە تایبەت لە قۆناغی یەکەمی بنەڕەتیدا بایەخی زیاتر بە فێرکردنی پیتەکان و چۆنیەتی درکاندنیان بدرێت. بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە پشت بە ڕێبازی وەسفی شیکاری بەستراوە، ئامانج لەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی پەیوەندی نێوان ئاگایی فۆنۆلۆژی و دروستی خوێندنەوە و هەڵەی ڕێنوسییە، هەروەها

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکە : ئایا ئاگایی فۆنۆلۆژی پەیوەندی بە هەڵەی ڕێنوسییەوە هەیە لە لای قوتابیانی نموونەی توێژینەوەکە؟ ئایا ئاگایی فۆنۆلۆژی پەیوەندی بە دروستی خوێندنەوە هەیە لە لای قوتابیانی نموونەی توێژینەوەکە ؟گرنگترین ئەو هەڵە باوانە چین کە قوتابیانی نموونەی توێژینەوەکە لە هەریەک لە بوارەکانی ئاگایی فۆنۆلۆژی و هەڵەی ڕێنوسی و دروستی خوێندنەوە دووچاری دەبن؟ لە ئەنجامدا بۆمان دەرکەوت، کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئاگایی فۆنۆلۆژی و دروستی خوێندنەوە هەیە، هەروەها پەیوەندی نێوان ئاگایی فۆنۆلۆژی و ڕێنوس پەیوەندیەکی پتەو و ڕاستەوانەیە، گرنگترین هەڵەی قوتابیان لە هەر سێ لایەنی ئاگایی فۆنۆلۆژی و دروستی و خوێندنەوە و ڕێنوس لە توێژینەوەکە خراوەتەڕوو. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا چەند ئەنجامێک و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

## ١.پێشەکی

### -ناونیشانی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (پەیوەندی ئاگایی فۆنۆلۆژی بە دروستی خویندنەوە و هەڵەی ڕێنوسی)یە، کە قوتابیانی قۆناغی چواری بنەڕەتی لە دوو قوتابخانەی حکومی شاری هەولێر بە نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراون. توێژینەوەکە لە بواری زمانەوانی دەروونییە.

### -گرنگی توێژینەوەکە

ئاگایی فۆنۆلۆژی لە ژیانی منداڵدا هەر لە دەستپێکی قۆناغی یەکەمی خوێندندا بە بنەمایەکی گرنگ دادەنرێت، کە دواجار کاردەکاتە سەر کارامەیی منداڵ لە هەردوو بواری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خوێندنەوە و نوسیندا. گرنگی ئەم بابەتە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە بەشێک لە قوتابیان لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن بە دەست گرفتی کەموکوڕی خوێندنەوە و هەڵەی ڕێنوسی دەناڵێنن، کە هۆکاری سەرەکی ئەمەش نەبوونی ئاگایی و کارامەییە لە بواری فۆنۆلۆژیدا.

**-ئامانجی توێژینەوەکە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

-دەستنیشانکردنی پەیوەندی ئاگایی فۆنۆلۆژی بە دروستی خوێندنەوە لەدی قوتابیانی نموونەی توێژینەوەکە.

- دەستنیشانکردنی پەیوەندی ئاگایی فۆنۆلۆژی بە هەڵەی ڕێنوسی لەدی قوتابیانی نموونەی توێژینەوەکە.

- دەستنیشانکردنی گرنگترین هەڵەکانی قوتابی لە هەریەک لە بواری فۆنۆلۆژی و ڕینوس و خوێندنەوەدا .

**-ڕێبازی توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەیە پشت بە ڕێبازی وەسفی شیکاری بەستراوە .کە لە گەڵ سروشتی توێژینەوەکە دەگونجێت.

**-پرسیاری توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە بە مەبەستی گەیشتن بە وەڵامی چەند پرسیارێک ئەنجامدراوە:

-ئایا ئاگایی فۆنۆلۆژی چ کاریگەرییەکی لەسەر هەڵەی ڕێنوسی و دروستی خوێندنەوە هەیە لە لای قوتابیانی نموونەی توێژینەوەکە ؟

- ئەو هەڵە و کەموکوڕییانە چین کە قوتابیانی نموونەی توێژینەوەکە لە هەریەک لە بوارەکانی ڕێنوس و خوێندنەوە دووچاری دەبن؟

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**-ناوەڕۆکی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم لەلایەنی تیۆری توێژینەوەکە دەگرێتەوە، چەند بابەتێک لەخۆدەگرێت لەوانە: چەمک و پێناسەی ئاگایی فۆنۆلۆژی، کارامەیی ئاگایی فۆنۆلۆژی، قۆناغەکانی گەشەسەندنی ئاگایی فۆنۆلۆژی لەلای منداڵ، ئاستەکانی ئاگایی فۆنۆلۆژی و چەمک و پێناسەی ڕێنوس، هۆکارە بڵاوەکانی هەڵەی ڕێنوسی، قۆناغەکانی فێربوونی ڕێنووس، چەمک و پێناسەی خوێندنەوە. بەشی دووەم لەلایەنی مەیدانی توێژینەوەکە و شیکردنەوەی ئەنجامەکان دەگرێتەوە، لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا چەند ئەنجامێک و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

## ٢. بەشی یەکەم

### ١-٢- چەمک و پێناسەی ئاگایی فۆنۆلۆژی

زاراوەی ئاگایی فۆنۆلۆژی (phonological awareness ) لە توێژینەوەکاندا چەند زاراوەیەکی تری بۆ بەکارهاتووە، لەوانە ( شیکردنەوەی فۆنیمی ، چارەسەرکردنی فۆنۆلۆژییانە، ئاگایی دەنگی، ئاگایی زمانەوانی)، کە مەبەست لێی بریتییە لە توانای تاک بۆ جیاکردنەوەی پێکهاتە فۆنۆلۆژییە جیاوازەکانی زمان. ئەم زاراوەیە چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، لێرەدا چەند پێناسەیەک دەخەینەڕوو:

ئاگایی فۆنۆلۆژی بریتییە لە هۆشیاری تاک بەرامبەر بە سیستەمی دەنگی زمان و ژینگەی دەنگەکان لە چوارچێوەی وشەدا، هەروەها بریتییە لە توانای تێبینی کردنی دەنگەکانی زمان و چۆنیەتی یەکخستن و کۆبوونەوەی دەنگەکان لە وشەدا(السرطاوي و اخرون: ٢٠٠٩) واتە ئاگایی فۆنۆلۆژی بریتییە لە ئاگایی و توانای تاک بەرامبەر بە سیستەمی فۆنیمی زمان لە ڕووی ژینگەی بەکارهێنانی فۆنیمەکان لە سنوری وشەکان، هەروەها ناسینەوە و جیاکردنەوەی فۆنیمەکان لە یەکتر.

یان بەوە پێناسە دەکرێت : بریتییە لە توانای منداڵ بۆ درککردن بە چۆنیەتی درکاندنی دەنگە زمانییەکان، کە بەیەکەوە برگە و وشە و ڕستە پێکدەهێنن، هەروەها توانای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شیکردنەوەی ڕستە بۆ وشەکان و وشەکان بۆ برگە و برگەکانیش بۆ فۆنیمەکان لەگەڵ بەیەکەوە بەستنی دەنگەکان بۆ پێکهێنانی وشە(عبدالحميد و البلدوي، ٢٠١٤: ٣٠٨-٣٦٢). بێگومان لە سەرەتای وەرگرتنی سیستەمی زمانی لە لایەن منداڵ تا وەرگرتنی تەواوی سیستەمی دەنگی زمانەکە وردە وردە ئەم توانایە گەشەدەکات، کە منداڵ توانای جیاکردنەوە و ناسینەوەی فۆنیمەکانی لە سنوری ڕستە و برگە و وشەکاندا دەبێت، لەگەڵ چونیەتی لێکدانی فۆنیمەکان لە ژینگەی جیاجیادا.

یەکێک لە قۆناغە گرنگەکانی ژیانی منداڵ قۆناغی چوونە قوتابخانەیە، کە قۆناغی بونیادنان و پێگەیشتنی کەسایەتی منداڵە، سەرەتای ئەم قۆناغە هەنگاوی یەکەمی فێربوونی خوێندنەوە و نوسینە. لەم قۆناغەدا منداڵ لە بواری وەرگرتنی زانیاری هەنگاو بە هەنگاو پێدەگات، لەم بوارەشدا زمان وەک یەکێک لە ئامرازە سەرەکییەکان پشتی پێ دەبەسترێت. بێگومان بوونی کارامەیی لە بواری زماندا وا دەکات پرۆسەی فێربوون و وەرگرتن ئاسانتر بێت، لەم بوارەشدا کارامەیی لە بواری سیستەمی فۆنۆلۆژیی زمان وا دەکات کارامەییەکانی منداڵ لە بواری ئەکادیمی گەشە بکات، بە تایبەتی لە بواری خوێندنەوە و نوسین و تێگەیشتن. بە پێچەوانەوە بوونی کەموکوڕی لە کارامەیی سیستەمی فۆنۆلۆژی زمان کاردەکاتە سەر ڕادەی بەرەوپێشچوون لە بواری نوسین و خوێندنەوە و تێگەیشتن، تەنانەت کاردەکاتە سەر کەموکوڕی لە قسەکردنیش، هەروەک توێژینەوەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ئاگایی فۆنۆلۆژی و فێربوونی وشەی نوێ هەیە، بە گشتی لای ئەو منداڵانەی بە دەست سەختی قسەکردن دەناڵێنن، بەراورد بەو منداڵانەی کە قسەکردنیان ئاساییە.

گەشەکردنی ئەم توانایە پەیوەستە بە قۆناغەکانی گەشەکردنی زمان لای منداڵ، کە هەر لە سەرەتاوە تا وەرگرتنی سیستەمی زمانی بە گشتی. بوونی کارامەیی لە ئاگایی فۆنۆلۆژی بەر لە قۆناغی چوونە قوتابخانە گرنگی خۆی هەیە لەوانە ( عبدالجواد و عبدالجواد، ٢٠٢٢: ٣٢-٣٣):

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

١- ئاگایی فۆنۆلۆژی و درککردن بە سیستەمی فۆنۆلۆژی زمان بەر لە قۆناغی چوونە قوتابخانە یارمەتی منداڵ دەدات بۆ باشترکردنی کرداری خوێندنەوە لە داهاتوودا.

٢- ئاگایی فۆنۆلۆژی پرۆسەیەکی بنەڕەتییە لە کرداری بە کۆدکردنی وشە نوسراوەکان و درکاندنیان، کە گوزارشتە لە زنجیرەییەکی پەیوەست بە یەکتر، بە تێپەڕبوونی کات گەشەدەکات و گرنگییەکەی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندنەوە دەردەکەوێت.

٣-بوونی کەم وکوڕی لە ئاگایی فۆنۆلۆژی ئاماژەیەکە لە ئاماژەکانی درەنگ فێربوون لە داهاتوودا.

٤- بوونی کەموکوڕی لە ئاگایی فۆنۆلۆژی بە پلەی یەکەم دەبێتە بەربەست لە کارامەیی گەیاندنی زمانی لەگەڵ کەسانی تر.

٥- ئاگایی فۆنۆلۆژی هۆکارێکی سەرەکییە لە بەردەم وەرگرتنی پێش وەختە لە خوێندنەوە، کە کارامەیی زمانی منداڵ بەرزدەکاتەوە.

قۆناغی بەر لە چوونە قوتابخانە بۆ پەرەپێدان و گەشەکردنی کارامەیی ئاگایی فۆنۆلۆژی لای منداڵ قۆناغێکی گرنگ و بنەڕەتییە، کە هەر لەسەرەتای وەرگرتنی زمان لای منداڵ دەست پێدەکات، کەدواجار رەنگدەداتەوە لەسەر زمانی منداڵ و کارامەیی منداڵ لە بواری ئەکادیمی و کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی منداڵ لەگەڵ دەوروبەر، بۆ ئەمەش باخچەی ساوایان بە قۆناغێکی گرنگ دادەنرێت وەک دەستپێک و بناغەی فێربوون لە ژیانی منداڵدا.

## ٢-٢-کارامەییەکانی ئاگایی فۆنۆلۆژی

کارامەیی ئاگایی فۆنۆلۆژی خۆی لە چەند کردارێکدا دەبینێتەوە، کە منداڵ دەتوانێت ئەنجامیبدات، گرنگترینیان ئەمانەن( الكومي، ٢٠٢٠: ٣٥٢-٣٥٣):

١- کارامەیی لە دەستنیشانکردنی کورتی و درێژی فۆنیمەکاندا: واتە منداڵ بتوانێت لە نێوان فۆنیمە کورتەکان و فۆنیمە درێژەکان جیاوازیبکات.

٢-دەرهێنانی پیتی کۆتایی لە وشەدا: لەم کارامەییەدا منداڵ فێری ئەوە دەبێت وشە لە پێکهاتەی بچووکتر پێکهاتووە، کە دەنگ و فۆنیمەکانن.

٣-شیکردنەوەی وشەکان بۆ برگە: ئەم کارامەییە بریتییە لە توانای منداڵ بۆ دابەشکردنی وشەکان بۆ برگەکان، ئەم قۆناغە ئاماژەیە بۆ توانای منداڵ لە خوێندنەوە و نوسین.
٤- ریزکردن و رێکخستنی برگەکان بۆ پێکهێنانی وشە: ئەم کارامەییە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی ئاگایی دەنگی و خوێندنەوە و نوسین.
٥-گۆڕینی پیتێک بۆ پیتێکی تر و پێکهێنانی وشەیەکی نوێ: بۆ نموونە گۆڕینی پیتی (س) لە وشەی (سیر) بۆ (ش) و پێکهێنانی وشەی (شیر). لەم کارامەییەدا منداڵ دەتوانێت وشە نوسراوەکان بۆ وشەی درکێنراو بگۆڕێت.
٦-دەربڕینی وشەی سەرەتا و کۆتایی لە ڕستەیەکدا: ئەم کارامەییە وا دەکات منداڵ لە کارامەییەکانی پێشوو تاقیبکرێتەوە و درک بە دەوروبەری گوتنەکە بکات و ڕستەکە لە ڕێگەی درکاندنی وشە نادیارەکان تەواو بکات.
بوونی ئەم کارامەییانە وا دەکات منداڵ لە ڕووی قسەکردن و وەرگرتنی خوێندنەوە و نوسین لێهاتوو بێت، بۆیە گرنگە لە ناوەندەکانی خوێندندا گرنگی تەواو بە ڕاهێنانی قوتابی و مەشقپێکردنی لەسەر ئەم کارامەییانە بدرێت، لە ڕێگەی بەرنامە و پرۆگرامی تایبەت بە ڕاهێنان لەسەر ئاگاییە فۆنۆلۆژییەکان.

### ٣-٢-قۆناغەکانی گەشەسەندنی ئاگایی فۆنۆلۆجی لای منداڵ

بازنەی ئاخاوتن پشت بە هەردوو جۆری گەیاندن (گەیاندنی زمانی ، گەیاندنی نازمانی) دەبەستێت، منداڵ لە قۆناغە سەرەتاییەکانی تەمەنی بۆ پەیوەندیکردن بە دەوروبەری، پشت بە گەیاندنی نازمانی (زمانی جەستە) دەبەستێت تا سەرەتاکانی قۆناغی وەرگرتنی زمان، کەوردە وردە لە پاڵ گەیاندنی نازمانی پشت بە گەیاندنی زمانیش دەبەستێت.
(Maclean,1987) پێی وایە منداڵ لە تەمەنی سێ ساڵی توانای ناسینەوەی پیتی کۆتایی وشەکانی هەیە و دەتوانێت جیاوازی لە نێوان برگەکانی وشەیەک بکات، لە تەمەنی چوار ساڵی دەتوانێت برگەکان جیابکاتەوە، لە تەمەنی پێنج ساڵی دەتوانێت تا ڕادەیەک وشەکان بۆ فۆنیمەکان کەرت بکات، لە تەمەنی شەش ساڵی بە شێوەیەکی باش دەتوانێت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فۆنیمەکانی وشەیەک جیابکاتەوە( حشاني، ٢٠٢٢: ٨٦٧ )، منداڵ پێش قۆناغی چوونە قوتابخانە ئەو کارامەییە سەرەتاییانە وەردەگرێت، کە بۆ گەیاندنی زمانی پێویستن، کە بە هۆیەوە توانای زانین و ناسینەوەی ئەو وشانەی هەیە، کە لە فەرهەنگی زمانی خۆیدا هەیە و بەکاریاندەهێنێت. بوونی ئەم کارامەییانە مانای ئەوەیە منداڵ ئاگایی بە یەکە زمانییەکان لە قسەکردندا هەیە. قۆناغی یەکەم لە قۆناغەکانی گەشەسەندنی ئاگایی فۆنۆلۆژی لەلای منداڵ بریتییە لە ئاگایی بێ مەبەست، کە ئاستی یەکەمە لە کارامەیی فۆنۆلۆژی. واتە منداڵ لە سەرەتای قسەکردن تەنها ئەو یەکە زمانییانە دەناسێتەوە و بەکاریاندەهێنێت، کە لە فەرهەنگی ئاوەزیی خۆیدا هەن. ئەم ڕەفتارە بێ مەبەستە هەموو چالاکییە زارەکییەکان و بەرهەمهێنانی سەروا لەخۆدەگرێت، وەک جیاوازی کردن لە نێوان دەنگەکانی زمانی دایک و دەنگەکانی تر. دوای ئەم قۆناغە قۆناغێکی تر دەستپێدەکات، کە لە تەمەنی شەش ساڵییەوە دەردەکەوێت لە ئەنجامی فێربوونی زمانی نوسین (تیزیری و وردیە، ٢٠١٥: ١٣٥-١٣٦)، واتە دوای قۆناغی چوونە قوتابخانە کاتێک منداڵ فێری نوسین و خوێندنەوە دەبێت هەر لە فێربوونی پیتەکانی زمان دەستپێدەکات تا دەگاتە ئاستی وشە و ڕستە، بەمەش منداڵ ورده ورده لە لای ئاگایی فۆنۆلۆژی گەشەدەکات.

**٢-٤ ئاستەکانی ئاگایی فۆنۆلۆژی**

ئاستەکانی ئاگایی فۆنۆلۆژی دەکرێت بە چوار ئاست:

١-ئاگایی بە وشە: بریتییە لە توانای جیاکردنەوەی وشەیەک لە ناو قسەیەکی دەربڕاودا لە ڕێگەی درککردن بە کێشی دەنگیی وشەکە لە نێو وشەکانی تری دەوروبەری.

٢-ئاگایی بە بڕگە : بریتییە لە توانای خستنەپاڵیەکی بڕگە دەنگییەکان بۆ دروستکردنی وشە.

٣-ئاگایی بە دەنگەکانی سەرەتا و کۆتایی وشە: بریتییە لە توانای جیاکردنەوەی دەنگی سەرەتا و کۆتایی وشەیەک.

٤-ئاگایی بە دەنگ : بریتییە لە هەبوونی ئاگایی بە ئەرکی پیتەکان لە ناو سنوری وشەدا لە ڕێگەی لابردن و گۆڕینی بە دەنگێکی تر.(Lane & pullen, 2004: 64)

ئاستی یەکەم بریتییە لە ئاگایی بە وشە مەبەست لێی توانای منداڵە لە جیاکردنەوە و ناسینەوەی وشەیەک لەناو ڕستەیەک یان کۆمەڵە وشەیەک یان لەناو ئاخاوتندا لە ڕێگەی کێش و سەرواى وشەکەوە، بەڕدم ئاگایی بە بڕگە بریتییە لە وەی کە منداڵ بتوانێت چەند بڕگەیەک بخاتە پاڵ یەکتر بە شێوەیەکی دروست و وشەیەیان لێ دروستبکات، بۆ ئەمە دەکرێت هەر لە قۆناغە سەرەتاییەکانی بنەڕەتی و لە پاڵ فێرکردنی پیتەکان منداڵ مەشقپێبکرێت، کە چۆن لە بڕگە وشە دروستبکات. یەکێک لە ئاستەکانی تری ئاگایی فۆنۆلۆژی بریتییە لە توانای ناسینەوەی دەنگەکانی سەرەتا و کۆتایی وشە بۆ ئەمەش مامۆستا دەتوانێت لە ڕێگەی چەند وشەیەک کە دەنگی سەرەتا یان کۆتایی وشەکە بزربکات و داوا لە قوتابی بکات دەنگە بزرەکە بنوسێت، بەمە دەتوانرێت قوتابی لەسەر ئەم کارامەییە ڕابهێنرێت. جگە لەمە ئاگایی بە ناسینەوەی دەنگەکان یەکێکی ترە لە ئاستەکانی ئاگایی فۆنۆلۆژی، کە بریتییە لە توانای ناسینەوەی ئەرکی دەنگەکان لە سنوری وشەدا. ،بێگومان جگە لە قوتابخانە کۆمەڵێک هۆکاری تر هەن لەوانە: تەکنەلۆژیا و هەژموونی زمانی ئینگلیزی لەسەر زمانی کوردی، کاریگەرییان لەسەر ئاستی قوتابی لە بواری ئاگایی فۆنۆلۆژی. هەموو ئەو ئاستانەی کە باسمانکرد گرنگە لە قۆناغی بنەڕەتی قوتابخانە منداڵ لەسەری ڕابهێنرێت، بۆئەوەی هەموو ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی قوتابی دەبێتەوە لە بواری خوێندنەوە و نوسین چارەسەربکرێت.

## ٢-٥ چەمک و پێناسەی ڕێنووس

ڕێنووس لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردندا بۆ گواستنەوەی بیرۆکەکان کردارێکی گرنگە، گرنگی ڕێنووس لەوەدایە، کە هەموو لقەکانی زمان وەک ئامرازێکی بنەڕەتی گوزارشت کردن پشتی پێ دەبەستن. کەواتە ڕێنوس بریتییە لە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گـۆڕینی دەنگـی بیسـتراوە بـۆ هێمـای نوسـراو بە جۆرێـک، کە پیتەکـان لە شـوێنی دروسـتی خۆیـــان لە وشـــەکە دابنـــرێن(المطحنـــي، ٢٠٠٩ ). کاتێـــک مامۆســـتا وشـــەیەک بە دەنـــگ دەخـوێنێتەوە ئەوا قوتـابی بـۆ سـەر هێمـای نوسـراو وەریـدەگێڕێت، کە مەبەسـت پیتەکـانە. بە ڕەچـاوکردنی سروشـتی دەنـگەکە و شـوێنی دەنـگەکە لە ژینـگەی وشـەکەدا. بـۆ ئەم مەبەسـتە سـەلامەتی ئەنـدامی بیسـتن و ڕوونـی دەربڕینـی دەنگەکـان لە لایەن مامۆسـتا و قورسـی ئاسـانی وشـەکە و ئاسـتی قوتـابی لە بـواری فۆنۆلـۆژی و ئاگـایی لەم بـوارەدا هەمـوو ئەوانە کاریگەرییان لەسەر ئاستی قوتابی لە بواری ڕێنوسدا هەیە.

## ٦-٢ هۆکارە بڵاوەکانی هەڵەی ڕێنووسی

هەڵەی ڕێنووســـی لە ناوەنـــدەکانی خوێندنـــدا دیـــاردەیەکە، کە بەشـــێک لە قوتابیـــان بە دەسـتیەوە گیـرۆدەن، بێگومـان چەنـد هۆکـارێکی بنەڕەتـی هەن دەبـنە هـۆی ئەنجامـدانی هەڵەی ڕێنووسی لەوانە:

١-یەکێـک لە هۆکـارە سـەرەکییەکان دەگەڕێـتەوە بـۆ سیسـتەمی فێرکـردن و زۆری ژمـارەی قوتابیـــان لە پۆلـــدا. ئەم هۆکـــارە کـــاریگەری گەورەی هەیە لەســـەر هەڵەی ڕێنوســـی هەیە، کە مامۆسـتا ناتوانێـت گرنگـی تـایبەت بە قوتـابی بـدات و هەڵەکـانی ڕاسـتەوخۆ بـۆ چاکبکـاتەوە، ئەمەش لەبەر زۆری ژمـــارەی قوتابیـــان بە تـــایبەتی لە بـــازنەی یەکەمـــی خوێندنـــدا. ئەم دیاردەیە لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان بەرچاو دەکەوێت.

٢-لاوازی مامۆســـتا لە ڕووی زمـــانییەوە لە قۆنـــاغی بنەڕەتیـــدا، بە تـــایبەتی لە ڕووی ڕێنووســــەوە، هەنــــدێکجار بێبــــاکی مامۆســــتا لە هەڵەی ڕێنووســــی قوتابییەکــــان و ڕاستنەکردنەوەی هەڵەکان.

٣-یەکێـک لە هۆکارەکـانی تـر سـەختی بـابەتی ڕێنووسـەکەیە، کە زۆرجـار سروشـتی بـابەتەکە لە ڕووی ڕێنووسەوە لەگەڵ ئاستی قوتابیەکان ناگونجێت و سەختترە.

٤-بـوونی تـرس و دوودڵـی قوتـابی لە بـابەتی ڕێنـووس، یـان جیـاوازینەکردن لە نێـوان ئەو دەنگانەی نزیکن لە یەکتر و نەبوونی وردی لە کاتی نوسین و وێنەی پیتەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٥-سروشتی رێگای وانەوتنەوە زۆر گرنگە، هەروەها نەبوونی پەرتووکی تایبەت بە بابەتی رێنووس لە ناوەندەکانی خوێندندا، کە مامۆستا و قوتابی پەبەند بکات، نەبوونی رێبەری رێنووس بۆ مامۆستا( نبوی، ٢٠١٢: ٦٠-٨٦).

**٢-٧قۆناغەکانی فێربوونی رێنوس:**

فێربوونی رێنووس لای منداڵ دەکرێت بە سێ قۆناغ ئەوانیش:

١- قۆناغی ئامادەباشی نوسین: ئەم قۆناغە دەکەوێتە پێش قۆناغی چوونە قوتابخانە. کە بریتییە لە پەیداکردنی شارەزایی و پەرەپێدان و ئامادەکردنی منداڵ لە ڕووی نوسینەوە لەگەڵ گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە. ئامادەباشی بۆ نوسین لە رێگەی هەماهەنگی نێوان چاو و دەستەوە دروست دەبێت، بۆ نموونە وەک ڕاکێشانی هێڵی ڕاست لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر واتە لە ڕاستەوە بۆ چەپ (شحاته، ١٩٩٢: ١٥٧).

ئەم قۆناغە قۆناغێکی بنەڕەتی و گرنگە بۆ فێربوونی رێنووس، ئەمەش زیاتر قۆناغی باخچەی ساوایان و قۆناغە سەرەتاییەکانی بنەڕەتی دەگرێتەوە، کە دەبێت گرنگی زۆر بە بابەتی رێنووس بدرێت.

٢-قۆناغی فراوانبوونی نوسین: ئەم قۆناغە بە قۆناغی پێشکەوتنی خێرا لە وەرگرتنی بنەماکانی نوسین دادەنرێت، کە لە قۆناغی چوار و پێنجی بنەرەتی دەستپێدەکات. لەم قۆناغەدا منداڵ ئەو کارامەییانەی وەریگرتوون لە قۆناغەکانی پێشوودا فراوانی دەکات و گرنگی زیاتری پێدەدات.

٣- قۆناغی فێربوونی ئەزموون و زیادبوونی تواناکان: لەم قۆناغەدا منداڵ دەتوانێت ئەزموونەکانی لە بواری رێنووس فراوان بکات و گەشەیان پێ بدات.( الهاشمي، ٢٠٠٦: ٢٨١-٢٨٢).ئەم قۆناغە قۆناغی پێشکەوتنی خێرا و زیادکردنی ئەزموونە لە بواری رێنووس کە لە دوای قۆناغی چوار و پێنجی بنەڕەتییەوە دەستپێدەکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ٢-٨ چەمک و پێناسەی خوێندنەوە

خوێندنەوە بەوە پێناسە دەکرێت، کە پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، تەنها ناسینی پیتەکان و شێوەی وشەکان و چۆنیەتی دەربڕینیان نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا بریتییە لە تێگەیشتن لە واتای وشەکان و ڕستەکان و بەستنەوەی ڕووداوەکان بە یەکترەوە بەشێوەی زنجیرەیی لەگەڵ توانای سەرەنجدان و بەبیرهاتنەوە و وەرگرتن و بیرکردنەوە و ڕەخنەگرتن، هەروەها دووبارە گوزارشتکردن لە بابەتەکە دوای تەواوبوونی کرداری خوێندنەوەکە( الشارونی، ٢٠٠٥: ١٩).

توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە بۆ پەرەپێدانی ئامادەباشی خوێندنەوە کۆمەڵێک هۆکار هەیە:

١- گەشەی جەستەیی و ئەقڵی و هەڵچوونی و کۆمەڵایەتی.

٢-سەلامەتی ئەندامانی ئاخاوتن و هەستەکان بە تایبەتی بیستن و بینین.

٣-ئارەزووی منداڵ بۆ خوێندنەوە.

٤-فێرکردن و مەشقکردن لەسەر خوێندنەوە لە قوتابخانە یان هەر دامەزراوەیەکی تری فێرکردن(معمريه، ٢٠٠٩: ١٣١).

گەشەی ئەقڵی، جەستەیی و تەندروستی ئەندامی بیستن، ئاخاوتن و بینین کاریگەری بنەڕەتی و گەورەیان لەسەر توانای تاک لە خوێندنەوەدا هەیە، هەروەها حەز و ئارەزوو بۆ خوێندنەوە گرنگە، چونکە بوونی ئارەزوو لە خوێندنەوە وا دەکات تاک بەردەوام بخوێنێتەوە، بەمەش کارامەیی و لێهاتوویی لەم بوارە زیاتر دەبێت، بۆ ئەم مەبەستە گرنگە هەر لە سەرەتاوە لە ڕێگەی بەرنامە و پرۆگرامی تایبەت لە قوتابخانە و بەکارهێنانی تەکنیکی تازە و چێژبەخش کە سەرەنجی منداڵ ڕابکێشێت ئەو حەز و ئارەزووە بۆ منداڵ دروستبکرێت، لە ڕێگەی ڕاهێنانی منداڵ لەسەر کارامەییە فۆنۆلۆژییەکان و ناسینەوە و بەکارهێنانی دەنگەکان لە شوێنی دروستی خۆی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٣- بەشی دووەم : لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

### ٣-١-کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە قوتابیانی قۆناغی چوارەمی بنەرەتی لە قوتابخانە حکومییەکانی شاری هەولێر، کە دوو قوتابخانە بە نموونە وەرگیراون قوتابخانەکانی(شاکر فەتاحی بنەڕەتی تێکەڵاو، تابانی بنەڕەتی تێکەڵاو) بۆ ساڵی خوێندنی (2023-2024)، کە (50) قوتابی بە نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراون، لە هەردوو ڕەگەز، کە (٢٤) قوتابی لە ڕەگەزی نێر و (٢٦) قوتابی لە ڕەگەزی مێ بوون، نموونەکان بە شێوەی نموونەی هەڕەمەکی وەرگیراون.

خشتەی ژمارە (١)

قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە بە پێی ڕەگەز

| ڕەگەز | ژمارەی قوتابی | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | ٢٤ | %٤٨ |
| مێ | ٢٦ | %٥٢ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | %١٠٠ |

### ٣-٢-ئامرازی توێژینەوەکە

ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە سێ تاقیکردنەوە لەخۆدەگرێت، کە بریتیین لە تاقیکردنەوەی ئاگایی فۆنۆلۆژی ئەم تاقیکردنەوەیە لە ڕێگەی فۆرمێکەوە ئەنجامدراوە، کە لە کۆمەڵێک پرسیار پێکهاتووە و بەسەر چەند بەشێکدا دابەشکراوە، بەشێکی یەکەمی پرسیارەکان بریتییە لە دانانی چەند وێنەیەک و ناوەکانیان کە لە ژێر وێنەی شتەکان، کە هەندێکیان پیتی یەکەمی وشەکان بزرکراوە بەشێکیان پیتی کۆتایی وشەکان بزرکراوە داوا لە قوتابی کراوە کە پیتە بزرەکان بنوسێت بۆ نموونە :

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

  

......او          هەنا......          ما......ی

بەشێکی تریان وێنەی شتەکان بە قوتابی دراوە داوا لە قوتابی کراوە تەنها پیتی یەکەمی وشەکان بنوسێت.بۆ نموونە :



ت

بە شێکی دووەمی فۆڕمەکە بریتییە لە ١٠ برگە کە هەر برگەیەک سێ وشەی تێدایە کە پیتی کۆتایی دوو لە وشەکان وەک یەکە و یەکیان پیتی کۆتایی جیاوازە داوا لە قوتابی کراوە کە ئەو وشەی پیتی کۆتایی جیاوازە بیخاتە ناو بازنە. بۆ نموونە:

- شیر          تیژ          سیر

بەشی سێیەمی فۆڕمەکە پێکهاتووە لە چەند وشەیەک کە داوا لە قوتابی کراوە وشەکان هەلوەشێنێتەوە بۆ پیتە پێکهێنەوەکانی، بۆ نموونە:

-شەوگار ( ش ، ە ، و ، گ ، ا ، ر )

لە بەشی چوارەم لە پێنج وشە پێکهاتووە کە پیتی وشەکان تێکەڵکراوە داوا لە قوتابی کراوە پیتەکان ریزبکات و وشەی لێ دروست بکات، بۆ نموونە:

- ڵ ، گ ، و : .........گوڵ...............

کۆی گشتی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی ئاگایی فۆنۆلۆژی ٣٨ پرسیارە، بۆ هەر وەڵامێکی ڕاست قوتابی (١) نمرە وەردەگرێت. بۆ تاقیکردنەوەی ڕێنوس ١٠ وشە لە لایەن مامۆستاوە هەڵبژێردراوە و قوتابیان لەم ١٠ وشەیە تاقیکردنەوەیان کردووە، کە بۆ هەر وەڵامێکی ڕاست قوتابی (١) نمرە وەردەگرێت. بۆ تاقیکردنەوەی دروستی خوێندنەوە دەقێک بە نموونە وەرگیراوە کە لە کتێبی کوردی ئەم قۆناغە بە نموونە وەرگیراوە بۆ تاقیکردنەوەی دروستی خوێندنەوە دەقێک لە کتێبی کوردی ئەم قۆناغە بە نموونە وەرگیراوە و هەریەک لە قوتابییەکان بە جیا تاقیکراونەتەوە، دەقەکانیان خوێندووەتەوە و دەنگەکانیان تۆمارکراون، دواتر لە لایەن توێژەرەوە هەڵسەنگێنراون و بۆ خوێندنەوەی هەر وشەیەک بە دروستی قوتابی (١) نمرە وەردەگرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ٣-٣-ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا سود لە بەرنامەی ئاماریی ( Statistical Package for the Social Sciences-SPSS)وەرگیراوە بۆ لایەنی ئاماری تویژینەوەکە.

دوای جێبەجێکردنی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە و ئەنجامدانی هەر سێ تاقیکردنەوەی ئاگایی فۆنۆلۆژی، رێنوس و دروستی خوێندنەوە لەسەر نموونەی توێژینەوەکە کە ژمارەیان ٥٠ قوتابی بوو، بۆماندەرکەوت کە ئاستی قوتابیان لە ڕووی ئاگایی فۆنۆلۆژییەوە لە ئاستێکی باشدابوو ناوەندە ژمێرەییەکەی بریتی بوو لە (٢٦%) کەوتوو و (٧٤%) دەرچوو. وەک لەم خشتەیە رونکراوەتەوە:

خشتەی ژمارە (٢)

ئاستی قوتابیانی نموونەی توێژینەوەکە لە ڕووی ئاگایی فۆنۆلۆژییەوە

| ئاستی قوتابی لە ڕووی ئاگایی فۆنۆلۆژی | ژمارەی قوتابیان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| دەرچوو | ٣٧ | %٧٤ |
| کەوتوو | ١٣ | %٢٦ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | %١٠٠ |




شێوەی ژمارە (١) ئاستی قوتابیانی نموونەی توێژینەوەکە لە ڕووی ئاگایی فۆنۆلۆژی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەبارەت بە ئاستی قوتابیانی نموونەی تویژینەوەکە لە ڕووی ڕێنوسەوە بەم شێوەیە بوو، کە لە کۆی ٥٠ قوتابی (٣٥) قوتابی دەرچوون بە ڕێژەی (٧٠%) و (١٥) قوتابی کەوتوو بە ڕێژەی (٣٠%) وەک لەم خشتەیە ڕوونکراوەتەوە:

خشتەی ژمارە (٣)

ئاستی قوتابیانی نموونەی تویژینەوەکە لە ڕووی ڕێنوسەوە

| ئاستی قوتابی لە ڕووی ڕێنوس | ژمارەی قوتابیان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| دەرچوو | ٣٥ | %٧٠ |
| کەوتوو | ١٥ | %٣٠ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | %١٠٠ |




شێوەی ژمارە (٢) ئاستی قوتابیانی نموونەی توێژینەوەکە لە ڕووی ڕێنوسەوە

سەبارەت بە ئاستی قوتابیانی نموونەی توێژینەوەکە لە ڕووی دروستی خوێندنەوە، بۆمان دەرکەوت کە کە لە کۆی( ٥٠) قوتابی (٣٥) قوتابی دەرچوون بە ڕێژەی (٧٠%) و (١٥) قوتابی کەوتوو بە ڕێژەی (٣٠%)وەک لەم خشتەیە ڕوونکراوەتەوە:

خشتەی ژمارە (٤)

ئاستی قوتابیانی نموونەی توێژینەوەکە لە ڕووی دروستی خوێندنەوە

| ئاستی قوتابی لە ڕووی دروستی خوێندنەوە | ژمارەی قوتابیان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| دەرچوو | ٣٥ | %٧٠ |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| کەوتوو | ١٥ | %٣٠ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | %١٠٠ |




شێوەی ژمارە(٣)ئاستی قوتابیانی نموونەی توێژینەوەکە لە ڕووی دروستی خوێندنەوە ڕووندەکاتەوە

### ٤-٣ شیکردنەوەی ئەنجامەکان

یەکێک لە ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتییە لە(دەستنیشانکردنی پەیوەندی ئاگایی فۆنۆلۆژی بە دروستی خوێندنەوە لای قوتابیانی نموونەی توێژینەوەکە)، دوای ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە و شیکردنەوەی ئەنجامەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی ئاگایی فۆنۆلۆژی و دروستی خوێندنەوە، بۆ دەستنیشانکردنی پەیوەندی نێوان ئاگایی فۆنۆلۆژی و دروستی خوێندنەوە سوودمان لە هاوکێشەی پەیوەندی (spearman correlation) وەرگرت و گەیشتین بەم ئەنجامەی خوارەوە:

خشتەی ژمارە (٥)

پەیوەندی ئاگایی فۆنۆلۆژی بە دروستی خوێندنەوە

| | ئاگایی فۆنۆلۆژی | دروستی خوێندنەوە |
|---|---|---|
| Spearman correlation | **0.905 | 1.000 |
| Sig.(2-tailed | 0.000 | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | 50 | 50 |
| Spearman correlation | 1.000 | **0.905 |
| Sig.(2-tailed | | 0.000 |
| کۆی گشتی | 50 | 50 |

**. Correlation is significant at the 0.01 level (2-tailed)

لەم خشـــــتەی ســــەرەوە بۆمـــــان دەردەکەوێـــــت کە پەیوەنـــــدیەکی ئەرێنــــی هەیە بەرێــزەی(0.905**) لە نێــوان ئاگــایی فۆنۆلــۆژی و دروســتی خوێنــدنەوە لەدی قوتابیــانی نمــوونەی تــوێژینەوەکەهەیە، هەروەهــا بەهــایSig، (0.000) بچــووکترە لە ئاســتی دەڵدلەت (0.01) واتە جیــاوازییەکی ئامــاری هەیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێــت ئەو قوتابیــانەی لە ڕووی فۆنۆلــۆژییەوە لەدوازن ئەوا لەڕووی خوێنــدنەوە کەموکوڕیــان هەیە و کێشــەی زۆریــان لە ناسـینەوەی پیتەکـان و درکانـدنیان بە دروسـتی هەیە، لە کاتێکـدا دەبێـت قوتـابی لەم قۆنـاغە پیتەکان باش بناسێتەوە و بتوانێت بە دروستی  بیاندرکێنێت.

یەکێـک لە ئامانجەکـانی تـری تـوێژینەوەکە بـریتییە لە ( دەستنیشـانکردنی پەیوەنـدی ئاگـایی فۆنۆلــۆژی بە هەڵەی ڕێنوســی لەدی قوتابیــانی نمــوونەی تــوێژینەوەکە) بــۆ گەیشــتن بەم ئامــانجە دوای ئەنجامــدانی هەردوو تــاقیکردنەوەی ئاگــایی فۆنۆلــۆژی و ڕێنــوس لەســەر قوتابیــانی نمــوونەی تــوێژینەوەکە و شــیکردنەوەی ئەنجــامە ئامارییەکــان بە پشتبەســتن بە هاوکێشــەی پەیوەنــدی (spearman    correlation) وەک لەم خشــــتەیەی خــــوارەوە خراوەتەڕوو:

خشتەی ژمارە (٦)

پەیوەندی ئاگایی فۆنۆلۆژی بە ڕێنوسەوە

| | ئاگایی فۆنۆلۆژی | ڕێنوس |
|---|---|---|
| Spearman correlation | ** 0.607 | 1.000 |
| Sig.(2-tailed | 0.000 | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | 50 | 50 |
| Spearman correlation | 1.000 | ** 0.607 |
| Sig.(2-tailed | | 0.000 |
| کۆی گشتی | 50 | 50 |

.**Correlation is significant at the 0.01 level (2-tailed)

لەم خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پەیوەندیەکی ئەرێنی هەیە بەرێژەی(0.607 **) لە نێوان ئاگایی فۆنۆلۆژی و رێنوس لای قوتابیانی نموونەی توێژینەوەکە، هەروەها بەهای Sig، (0.000) بچووکترە لە ئاستی دەلالەت (0.01) واتە جیاوازییەکی ئاماری هەیە. بە پێی ئەم ئەنجامە بۆماندەردەکەوێت، کە پەیوەندی نێوان ئاگایی فۆنۆلۆژی و رێنوس پەیوەندیەکی راستەوانەیە واتە لاوازی قوتابی لە رووی فۆنۆلۆژییەوە راستەوخۆ کاردەکاتە سەر ئاستی قوتابی لە رووی رێنوسەوە.

ئامانجێکی تری توێژینەوەکە بریتییە لە ( دەستنیشانکردنی گرنگترین هەڵەکانی قوتابی لە هەریەک لە بواری فۆنۆلۆژی و رینوس و خوێندنەوەدا لای نموونەی توێژینەوەکە)، دوای ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی ئاگایی فۆنۆلۆژی لە هەردوو قوتابخانە و هەڵسەنگاندنی فۆرمەکان و دەستنیشانکردنی گرنگترین ئەو هەڵە و کەم وکورییانەی کە لە لایەنی فۆنۆلۆژی لای قوتابیانی نموونەی توێژینەوەکە بەرچاو دەکەون، تێبینی ئەوەمان کرد کە بەشێکی زۆری قوتابیانی نموونەی توێژینەوەکە گرفتیان لە ناسینەوەی ئەو پیتانە هەیە کە نزیکن لە یەکەوە بۆ نموونە (ی ) و (ێ)، هەروەها جیاکردنەوەی پیتە سەرەتایی و کۆتاییەکان بۆ نموونە (ی) کۆتایی و (یـ ) سەرەتایی یان (ێ) کۆتایی و (ێـ ) سەرەتایی لە کاتی نوسیندا، جگە لەمە کێشەیەکی تری قوتابیان لە جیاکردنەوەی بزوێنی درێژ (ا) و بزوێنی کورتە (ە) . بەشێکی زۆری قوتابیان کێشەیان لەو بڕگەدا هەبوو کە دەنگەکانی وشەیەک تێکەڵ کرابوون و داوا لە قوتابیان کرابوو کە پیتەکان ڕێکبخەن و وشەکە بنیاتبنێنەوە، بۆ نموونە : (و ، گ ، ڵ = گوڵ) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە قوتابی لەم بوارەدا ڕانەهێنراوە و گرنگی کەمتر بەم بوارە دراوە هەر لە

سەرەتای قۆناغی خوێندندا. لە بواری ڕێنوسدا دوای ئەوەی (١٠) وشە وەک ڕێنوس بۆ قوتابیان خوێنرایەوە و قوتابیان ڕێنوسیان تێدا ئەنجامدا، دوای هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکان تێبینی چەند هەڵەیەکی قوتابیانمان کرد کە لای بەشێکی زۆریان دووبارە ببووەوە لەوانە : بەشێکی زۆریان کێشەیان لە جیاکردنەوە و نوسینی پیتە بزوێنەکانی وەک (ا) و (ە) دا هەیە لە بری یەکتر بەکاریاندەهێنن. گرفتێکی تر بریتیبوو لە نوسینی پیتە کۆتاییەکان لە بری پیتە سەرەتاییەکان وەک نوسینی (ێ) کۆتایی لە بری (یـ ) سەرەتایی، هەروەها کێشەی سەرەکی قوتابیان لە بواری ڕێنوس بریتیبوو لە بەیەکەوە لکاندنی پیتەکان لە چوارچیوەی وشەدا، زۆربەی قوتابیان پیتەکان بەیەکەوە نالکێنن. لە بواری دروستی خوێندنەوەدا دوای ئەوەی توێژەر دەقێکی کورتی خستە بەردەم قوتابیان و هەر یەک لە قوتابیان بە جیا دەقەکەیان خوێندەوە و دەنگی هەریەکەیان تۆمارکرا. دوای هەڵسەنگاندنی قوتابیان تێبینی چەند هەڵەیەکمان کرد، لەوانە لە بواری خوێندنەوەی ئەو دەنگانەی نزیکن لە یەکتر وەک (ی) و (ێ) و (و) و (ۆ)، لە درکاندنی هەردوو پیتی بزوێنی (ا) و (ە) کێشەیان هەبوو، هەروەها لە لکاندنی دەنگەکانیشدا. هەموو ئەو کێشانەی خستمانەڕوو لە بواری ئاگایی و ڕێنوس و دروستی خوێندنەوە دەگەڕێتەوە بۆ کەموکوڕی لە قۆناغی یەکی بنەڕەتیدا لە ڕووی فۆنۆلۆژیی و ڕاهێنانی قوتابی لەسەر کارامەیيە فۆنۆلۆژییەکان.

بە مەبەستی کەمکردنەوە و چارەسەرکردنی ئەم کێشانەی ڕووبەڕووی قوتابیان دەبێتەوە لە ڕووی خوێندنەوە و ڕێنوسەوە گرنگە هەر لە سەرەتای قۆناغی چوونە قوتابخانە واتە لە قۆناغی یەکی بنەڕەتی کە قۆناغێکی هەستیار و بنەڕەتییە بۆ منداڵ گرنگی تەواو بدرێت بە لایەنی دەنگی و فێرکردنی دەنگەکان و سیفەتی هەریەک لە دەنگەکان و سروشت و شوێنی بەکارهێنانی پیتەکان لە ژینگە جیاجیاکاندا بە پشت بەستن بە بەرنامە و ڕێگا نوێیەکانی فێرکردنی زمان و پیتەکانی زمان و پشتبەستن بە تەکنۆلۆژیا و بەرنامە دەنگییە نوێیەکان، هەروەها فێرکردن و ڕاهێنانی قوتابی لەسەر کارامەییە فۆنۆلۆژییەکان لە ڕێگەی وێنە و چالاکی چێژبەخشانەی ناوپۆل و بەکارهێنانی فلاش کارت واتە لە ڕێگەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کارتی بچوک کە وێنەی پیتەکانی لەسەرە لەگەڵ نیشاندانی وێنەکان مامۆستا دەنگەکان دەربرێت،یان لە رێگەی وێنەی جوڵدو چیرۆکی وێنەیی و ڤیدیۆیی پیتەکان، کە هەموو ئەوانە کاریگەری ڕاستەوخۆ دەکەنە سەر ئاستی قوتابی لە بواری فۆنۆلۆژییدا و وا دەکات قوتابی پیتەکان بە باشی بناسێت لە ڕووی بەکارهێنانەوە، کە دواجار کاردەکاتە سەر توانای خوێندنەوە و نوسین بە شێوەیەکی دروست، کە ئەمەش ئامانجی سەرەکییە لە پرۆسەی فێرکردندا.

## ئەنجام:

لە کۆتایی توێژینەوەکە گەیشتین بە چەند ئەنجامێک:

١- لەم توێژینەوەیەدا بۆمان دەرکەوت، کە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان ئاگایی فۆنۆلۆژی و دروستی خوێندنەوە لای قوتابیانی نموونەی توێژینەوەکەهەیە، واتە ئەو قوتابیانەی لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە ئاستیان بەرزە لەڕووی خوێندنەوەشەوە هەمان ئاستن، بۆیە بنەمای سەرەکی دروستی خوێندنەوە بریتییە لە ئاگایی فۆنۆلۆژی.

٢-توێژینەوەکە ئەوەی دەرخستووە کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئاگایی فۆنۆلۆژی و هەڵەی ڕێنوسی لای قوتابیانی نموونەی توێژینەوەکەدا هەیە، واتە ئەو قوتابیانەی شارەزایی کارامەییە فۆنۆلۆژییەکانن ئەوا لە ڕووی دروستی ڕێنوسەوە ئاستیان بەرزە و کەمترین هەڵەی ڕێنوسی دەکەن.

٣- بەشێکی سەرەکی ئەو کەموکوڕیانەی لای قوتابیانی نموونەی توێژینەوەکە بەرچاو دەکەت لە ڕووی خوێندنەوە و ڕێنوسەوە بریتی بوو لە بوونی کێشە لە ناسینەوە و جیاکردنەوەی ئەو پیتانەی کە شێوەیان نزیکن لە یەک وەک (ی ، ێ) یان (و ، ۆ) یان (ا ، ە )، هەروەها جیاکردنەوەی پیتە سەرەتایی و ناوەندییەکان لەگەڵ کۆتاییەکان وەک ( یـــ ) و ( ێ) و بەکارهێنانیان لە شوێنی دروستی خۆیان. جگە لەمە لە لکاندنی پیتەکان لە ڕووی ڕێنوسەوە کێشەی زۆریان هەبوو ئەگەرچی دەبێت قوتابی لەم قۆناغە تەواو شارەزایی سازگە و دەربڕینی دەنگەکان لە خوێندنەوە و سروست و شوێنی پیتەکان بێت لە نوسیندا.

**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کێشەیەیەکی گەورەی تر لە هەڵەی فۆنۆلۆژی مناڵ تێکەڵکردنی ل و ڵ

ر ول

ڵ و ڕ

ر و ڕ

پێویستە ئەم کارەش بکەیتە بەشێک لە توێژینەوەکە (مامۆستای بەڕێز سەرەنجەکەت زۆر دروستە بەڵدم لەو نموونانەی من وەرمگرتوون قوتابییەکان ئەو هەڵە فۆنۆلۆژییەیان نەبوو من تەنها ئەو هەڵانەم وەرگرتییە کە لای قوتابییەکان کراوە)

## سەرچاوەکان

1. السرطاوى، عبدالعزيز و عورتانى، سناء و الخزو، عماد محمد و منصور، ناظم.(٢٠٠٩). *تشخيص صعوبات القراءة و علاجها*. عمان، دار وائل.
2. محمد, أ. &، البلدوي, إ. (٢٠١٤). فعالية التدريب على مهارات الوعى الصوتى فى خفض بعض اضطرابات النطق لدى الأطفال زارعى القوقعة الالكترونية .*مجلة التربية الخاصة*.العدد٨، مجلد٣، ٣٠٨-٤٣٢.
3. بسيوني, أ. ع. &، أيه عبدالجواد. (٢٠٢٢). فاعلية برنامج قائم علي الوظائف التنفيذية لتحسين مهارات الوعي الفونولوجي لدي أطفال الروضة .*مجلة الطفولة*. العدد٤١، مجلد١، ٢٠-٤٨.
4. الكومي، فايقة سالم .(٢٠٢٠). *فعالية برنامج تدريب قائم على الأنشطة الفنية الاثرائية في تنمية الوعي الفونولوجي و خفض السلوك الانسحابي لدى عينة من الاطفال المرحلة الابتدائية*. أطروحة دكتوراه، المنظمة العربية للتربية و الثقافة و العلوم، معهد البحوث و الدراسات العربية.
5. المطحني، بو شعيب عبد الحفيظ عبد الله بن قائد. (٢٠٠٩). *تناول الجوزاء ببسط وتسهيل قواعد الترقيم والإملاء*. مصر، دار عمر بن الخطاب للنشر و توزيع.
6. نبوى، عبدالعزيز .(٢٠٠٤). *في اساسيات اللغة العربية الكتابة الاملائية والوظيفية النحو الوظيفي فوائد لغوية*. مصر، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع.

7. -طاشور, تيزيري, جليد & ,وردية. (٢٠١٥). *الوعي الفونولوجي عند الأطفال الحاملين متلازمة داون*. أطروحه دكتوراة، جامعة مولود معمري تيزي وزو كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية قسم العلوم الاجتماعية.
8. الهاشمي، عايد توفيق(٢٠٠٦). *طرائق تدريس مهارات اللغة العربية و أدابها للمرحل الدراسية*. بغداد، مؤسسة الرسالة للطباعة والنشر والتوزيع.
9. حشاني، سعاد (٢٠٢٢). دراسة أثر الوعي الفونولوجي على الكتابة الاملائية من خلال برنامج علاجي موجه للتلاميذ المعسرين كتابيا من النوع الفونولوجي. *مجلة الجامع في الدراسات النفسية و العلوم التربية*، العدد ٢، المجلد( ٧ )،٨٨٩-٨٦٠.
10. الشاروني، يعقوب. (٢٠٠٥). *تنمية عادة القراءة عند الاطفال*. ط٤، مصر، دار المعارف.
11. -معمرية، بشير. (٢٠٠٩) . *في المشكلات النفسية و السلوكية للأطفال و الراشيدين*. مصر، المكتبة العصرية للنشر و التوزيع
12. Lane, H. B., & Pullen, P. C. (2004). *Phonological awareness assessment and instruction: A sound beginning*. Allyn & Bacon.

-------------------------------------------------------------------------------------------

# The relationship between phonological awareness and reading correctness and spelling errors

**Rezhne Saefaddin Hasan**
Department of Kurdish, College of Language, Salahaddin University, Erbil Kurdistan Region, Iraq.
Email: rezhna.hasan@su.edu.krd

***Keywords:*** *phonological awareness, Reading, Spelling, spelling errors, reading correctness.*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


## Abstract

The study is entitled (The relationship between phonological awareness and reading correctness and spelling errors). The sample of the research is the fourth-grade students, who were taken in two public schools for the academic year (2023-2024). Phonological level is an important foundation in the learning process and the first step in learning to read and write. In the Kurdistan Region, some students in educational centers at different stages suffer from spelling errors and reading deficiencies. The importance of this study is to identify that one of the causes of spelling errors and reading deficiencies is the deficiencies in learning sounds and how to express them at the beginning of the first stage of learning, in order to pay more attention to teaching the letters and how to pronounce them from the beginning of learning in schools, especially in the first grade. To obtain the results of the study relied on the descriptive approach of analysis, the aim of this research is to identify the relationship between phonological awareness and reading accuracy and spelling errors. The aim of this study is to answer several questions: Is phonological awareness related to spelling errors among the students of the study sample? Is phonological awareness related to reading accuracy among the students in the study sample? What are the most important common mistakes that the students in the study sample make in each of the areas of phonological awareness, spelling errors and reading accuracy? As a result, there is a strong relationship between phonological awareness and reading accuracy and the relationship between phonological awareness and spelling is strong and direct. The most important errors of students in all three aspects of phonological awareness, accuracy, reading and spelling are presented in the research. At the end of the research, some conclusions and a list of sources are presented.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# "علاقة الوعي الفونولوجي بالقراءة الصحيحة و الخطأ الإملائي"

**ملخص:**
جاء البحث بعنوان (علاقة الوعي الفونولوجي بالقراءة الصحيحة والخطأ الإملائي)، أخذت عينة البحث من طلبة الصف الرابع الأساسي من مدرستين حكوميتين للسنة الدراسية (2023- 2024)، المستوى الفونولوجي في العملية التعليمية مبدأ مهم وهو الخطوة الأولى لتعليم القراءة والكتابة.بعض الطلبة في المراكز التعلمية يعانون من الأخطاء الإملائية وعسر القراءة في إقليم كوردستان. تكمن أهمية هذه الدراسة في تحديد أحد أسباب الأخطاء الإملائية وعسر القراءة بأنه هو القصور في تعلم الأصوات وكيفية نطقها في بداية المرحلة الأولى من التعليم، لكي تهتم المراكز التعليمية بتعليم الأصوات وكيفية نطقها خصوصاً في المرحلة الأولى. اعتمد البحث على المنهج الوصفي التحليلي للحصول على النتائج الصائبة.الهدف من هذه الدراسة تحديد العلاقة بين الوعي الفونولوجي والقراءة الصحيحة والخطأ الإملائي، تحاول هذه الدراسة الإجابة على عدة الأسئلة منها: هل للوعي الفونولوجي علاقة بالأخطاء الإملائية لدى طلبة عينة البحث؟ ما أهم الأخطاء الشائعة التي يواجهها طلبة عينة البحث في مجال الوعي الفونولوجي والأخطاء الإملائية والقراءة الصحيحة.توصلنا في النتيجة أن هناك علاقة وثيقة بين الوعي الفونولوجي والقراءة الصحيحة، وكذلك العلاقة بين الوعي الفونولوجي والإملاء علاقة وطيدة ومباشرة.وقد عُرضت في هذه الدراسة أهم أخطاء الطلبة في الجوانب الثلاثة (الوعي الفونولوجي والقراءة الصحيحة والإملاء). وفي نهاية البحث تم عرض النتائج التي توصلت إليها الدراسة مع ذكر قائمة المصادر والمراجع.